# سەرکەوتنی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان

# هیوا بە گەنجان دەبەخشێت

سالآنە جیلێك تەمەنی یاسایی (١٨ساڵ) خۆیان تەواو دەکەن و دوای ئەوە رێپێدراو دەبن بۆ ئەوەی لەگەڵ هاووڵاتیانی بەتەمەنتر خۆیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا وەك دەنگدەر بەشداری بکەن، یەکەم دەنگدانیشیان جۆرێك لە بەرچاوکراوەیی و بەرپرسیاریەتییان بۆ دروست دەکات، بەوەی کە وەك تاك کاریگەری لەسەر چارەنووسی وڵاتەکەی و شێوەی ئیدارەدانی نیشتمانەکەی هەیە. گەنجانی کوردستان تا ئێستاش شانازی بەوەوە دەکەن کە لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا بەشدار بوون، لە ئێستاشدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین رێژەی کورسییەکانی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەدەست هێناوە، دڵخۆشیی خۆیان دەردەبڕن و جەختیش لەوە دەکەنەوە کە حکومەتێکی بەهێز و سەقامگیر تەنیا لەسەر دەستی سەرکردایەتی و پێشڕەویی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست دەبێت و ئەوەش هیوایەکی گەورەیان پێ دەبەخشێت. بەشداربووانی ئەو راپۆرتەی گوڵان راو سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





دوای ڕاگەیاندنی فەرمیی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، دەرکەوت زۆرینەی خەڵکی کوردستان پشتگیری لە حکومەتێکی بەهێز و سەقامگیر دەکەن. گەلی کوردستان بە ئاشکرا، بە دەنگی بەرز، بێ دڵەڕاوکێ، بەشی هەرە مەزنی دەنگی دیموکراسی و پشتگیریی خۆی بە پارتی دا، لەبەر ئەوەی دیسان بۆیان دووپات کرایەوە کە ئەو حزبە لە ڕۆژانی سەختیدا و لەژێر گوشاری ناوخۆیی و دەرەکیدا، هەمیشە نیشتمانپارێز بووە و هەرگیز هەلپەرست نەبووە و بەرژەوەندیی باڵای کوردستان ئەولەوییەتی خەبات و قوربانیدانەکانی بووە.

کەژان محەمەد کەریم، ئەندامی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانە و ڕایوایە:

یەکێك لە جیاوازیەکانی ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشووتر ئەوە بوو، کە لەسەر ئاستی هەموو پارتە سیاسیەکان کاندیدانی گەنج زۆر زیاتر بوون بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشتر، بەتایبەت کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێکی زۆری گەنجی بە ئەزموون و ئەکادیمی بوون، کە ئەمە خۆی بووە فۆڕمێکی نوێ لە کاری سیاسی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان. گەنجی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەك بێ هیوا بووبوون و هەستیان ئەکرد کە هیچ ڕێگەیەك بۆبەرەوپێشچوونی گەنج نییە، بەڵام ئەنجامەکان ئەو ڕاستییەیان دەرخست کە هەمووکات لە هەرێمی کوردستان پشتیوانی بۆگەنج هەیە و گەنج ئیرادەیەکی پتەوی هەیە، بۆیە خۆشحاڵم بە ئەنجامەکان.

تەلار کاکی کارگێڕی ناوچە لە لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان، سەبارەت بە سەرکەوتنی لیستی پارتی لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: «سەرەتا وەکو ئافرەتێکی گەنج بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕێژە زۆرەی دەنگەکانی کوردستانیان، پیرۆزبایی لە سەرۆك بارزانی و ئەندام و لایەنگرانی پارتی و هەموو کوردستانییان دەکەم، لیستی پارتی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کار بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێ بەرنامەی هەمەلایەن دەکات، مایەی دڵخۆشییە پارتی هەمیشە کاری جدی بۆ گەنجان کردووە، لە ڕووی سیاسی، ئابووری، پەروەردە و خوێندن و ریفۆرمی گشتی، مایەی دڵخۆشییە کار لەسەر خاڵی ورد و درشتی خواست و داخوازی گەلەکەی دەکات، پارتێکی هێندە بەهێز کە زۆرینەی دەنگەکانی خەڵکی بەدەستهێناوە لە سایەیدا کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیر دروست دەبێت، پارتی خاوەنی ریفراندۆم و پڕۆژەی سەربەخۆییە، سەرەڕای ئەو خیانەتەی لە کورد و لە پارتی کرا، ژمارەی کورسییەکانی پارتی کەمی نەکرد، بەڵکو زیاتر بوو، گەل گەیشتە ئەو راستییەی کە پارتی پارێزەری دەستکەوتەکانە و کار بۆ سەروەریی گەل و سەقامگیری وڵات دەکات، هەتا



کەژان محەمەد کەریم:

**کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێکی زۆری گەنجی بە ئەزموون و ئەکادیمی بوون**



تەلار کاکی:

**پارتی هێندە بەهێزە کە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە و لە سایەیدا کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیر دروست دەبێت**



هەژار خۆشناو:

**خەڵکی کوردستان دەنگیان بە کوردستانێکی بەهێز دا، ئەوەش ئەرکی پارتی قورستر دەکات**



ئەرسەلان خەلیل:

**پارتی تاکە حزبە ماف و گیان و سەروەریی خەڵکی پاراستووە، هەر لە بەر ئەوەشە هەمیشە حزبی یەکەمی کوردستان بووە**



پەیمان تەها:

**ئەم سەرکەوتنە مەزنە بەرهەمی متمانە و ئیرادەی گەلە بەوەی کە هیچ خیانەت و هیچ هێزێک توانای شکاندنی پارتی نییە**



کارزان یاسین:

**٤٥ کورسیی پەرلەمان شایستەی پارتێکە کە لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری خۆی نەچەماندبێ، شایستەی پارتێکە سەرۆکەکەی بارزانی بێ**



سەنعان تاتکی:

**پێویست بوو ٩٠٪ خەڵکی کوردستان دەنگیان بە پارتی بدابا، بۆ ئەوەی پارتی بەتەنیا توانای دارشتن و دانانی دەستوور و یاسای هەبووایە**

کوردستان بەهێز بێت، گەنجان وەك هەمیشە لە هەموو هەلومەرجێکدا سەرکەوتوو دەبن، وەکو بارزانیی نەمر فەرموویەتی گەنجان سەری رمن. لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانیشدا دڵنیاین پارتی کار بۆ نەهێشتنی بێکاری و رەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان دەکات».

هەژار خۆشناو قوتابی زانکۆیە و وەك گەنجێك دەڵێت: «زۆر دڵخۆشم بەوەی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە کوردستانێکی بەهێز دا، ئەوەش ئەرکی پارتی قورستر دەکات و، دەبێ لە ئاست ئەو متمانەیەی خەڵکدا بێت.» گوتیشی: «بێگومان من دڵنیام پارتی دەتوانێ داهاتوویەکی گەش و بەهێز بۆ کوردستان دابین بکات، من وەك گەنجێك داوا لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم گرنگیی زیاتر بەگەنجان بدرێت و بەتایبەت کار لەسەر نەهێشتنی بێکاری بکرێت، چونکە لە ئێستادا گەنجانێکی زۆر بێکارن بەتایبەت سیستەمێکی رێك هەبێ لە کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی گەنجان زیاتر روو لە کەرتی تایبەت بکەن، هەتا بارگرانییش لەسەر حکومەت نەمێنێت».

رۆژنامەنووس ئەرسەلان خەلیل، بەمجۆرە دڵخۆشی خۆی دەردەبرێت: «من وەکو کوردێك زۆر دڵخوشم کە پارتی دیموکراتی کوردستان ٤٥ کورسیی پەرلەمانی کوردستانی بەدەست هێناوە، داواکارم لەو کاندیدانەی پارتی کە لە هەڵبژاردن دەرچوون لە پەرلەمانی کوردستان خزمەتی زیاتری خەڵك بکەن، ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی پارتی و بەدەستهێنانی ٤٥ کورسی ئەرکی پارتیی قورستر کردووە، من وەکو هاونیشتمانییەك داواکارم لە چوار ساڵی داهاتوو پارتی خزمەتی زیاتری خەڵکی کوردستان بکات، هەروەکو لە رابردووش خزمەتی کردووە. دیارە پارتی تاکە حزبە لە کوردستان ماف و گیان و ماڵ وسەروەریی خەڵکی خۆی پاراستووە، هەر لە بەر ئەوەشە پارتی هەمیشە حزبی یەکەمی کوردستان بووە».

پەیمان تەها ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەدەستهێنانی ٤٥ کورسی لە رابەری کورد پیرۆزە، لە ریفراندۆمچییەکان پیرۆزە، لەکەسوکاری سەربەرزی شەهیدان پیرۆزە، لە داستانی پردێ و سحێلان پیرۆز بێت، لە تەواوی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی پارتیمان {پ.د.ك} و هەموو خەڵکی کوردستان پیرۆز بێت. ئەم سەرکەوتنە مەزنە بەرهەمی متمانە و ئیرادەی گەلە بەوەی کە هیچ خیانەت و هیچ هێزێك توانای شکاندنی پارتی نییە، چونکە پارتی خۆی بۆ بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی تەرخان کردووە و قوربانی زۆریشی بۆ داوە. هەنگاوی راست و دروستی پارتیمان بوو لەئاست رووداوە نەخوازراوەکان کە بە سەرمیللەتەکەماندا هات، لە کۆتاییدا دەڵێم من ریفراندۆمچیم و دووبارەو دەبارە ئەم سەرکەوتنە لە هەموو کوردستانییانی نیشتمانپەروەر پیرۆز بێت.»

کارزان یاسین بەرپرسی راگەیاندنی فەرماندەیی هەولێر، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «٤٥ کورسیی پەرلەمان شایستەی پارتێکە کە لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری پارساڵ خۆی نەچەماندبێ، شایستەی پارتێکە سەرۆکەکەی بارزانی بێ». هاوکات دەڵێت: «ئەم سەرکەوتنە گەورەیە پیرۆزە لە سەرجەم ئەوانەی دەنگیان بۆ کوردستانێکی بەهێز دا، پیرۆزە لە کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و ولاتپارێزان، پیرۆزە لە پارتییە بە ئیرادەکان، پارتییە دڵسۆزەکانی نیشتمان و ئەوانەی کە هەمیشە پشتی پارتییان گرتووە و سەری دەخەن».

سەنعان تاتکی، پێشمەرگە لە لەشکری یەکی تایبەت و پێیوایە هاوولاتیان دەبوو بە رێژەی ٩٠٪ دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەنجامێکی باش بوو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، دەنگدانی خەڵك بە پارتی و متمانەبەخشین بەو حزبەش لەبەر هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی پارتی بووە کە لە هەموو خەبات و تێکۆشانی رابردوو و ئێستایدا، بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزی و رزگاری گەلی کوردستان خەباتی کردووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو ئەنجامە بە لای منەوە جێگەی دڵخۆشی نییە، چونکە ئەگەر ئێمەی کورد وەك نەتەوە سەیری خۆمان بکەین، پێویست بوو سەدا نەوەدی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە پارتی بدابا، بۆ ئەوەی پارتی بەتەنیا توانای دارشتن و دانانی دەستوور و یاسای هەبووایە، بەڵام بەم ئەنجامەی ئێستا لە و بڕوایەدا نیم پەرلەمان بتوانێت دەستوورێك دابنێت کە لە هەموو کوردستان سەرکەوتوو بێت و کاری پێ بکرێت».

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان بە فەرمی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی بەمجۆرە راگەیاند:

پارتی: ٦٨٨٠٧٠ دەنگ، ٤٥ کورسی.

یەکێتی: ٣١٩٩١٢ دەنگ، ٢١ کورسی.

گۆڕان: ١٨٦٩٠٣ دەنگ، ١٢ کورسی.

نەوەی نوێ: ١٢٧١١٥ دەنگ، ٨ کورسی.

کۆمەڵی ئیسلامی: ١٠٩٤٩٤ دەنگ، ٧ کورسی.

بەرەو ئیسلاح: ٧٩٣٣٤ دەنگ، ٥ کورسی.

سەردەم: ١٥٥٨١ دەنگ، ١ کورسی.

ئازادی/ شیوعی: ٨٠٦٣ دەنگ، ١ کورسی.

**کۆتاکان:**

پارتی گەشەپێدانی تورکمانی: دوو کورسی.

پارتی چاکسازی تورکمانی: یەك کورسی.

لیستی میللەت: یەك کورسی

بەرەی تورکمانی: یەك کورسی.

رافیدین: یەك کورسی.

کلدان ئاشووری سریانی: یەك کورسی.

هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی: سێ کورسی.

ئەرمەن: یەك کورسی.



# داوای زیادکردنی ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە پۆستە گرنگەکانی حکومەتدا دەکرێت

**لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چوار ئافرەت پلەی وەزیریان هەبوو، کە زۆربەی لە سەر پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، بەڵام لە هەردوو کابینەی شەش و حەوتدا تەنیا یەك وەزیری ئافرەت بەشدار بووە، ئەوەش بەشێکی زۆر لە چالاکانی مافی مرۆڤ و دژبەرانی جیاوازیی ڕەگەزی نیگەران کرد، ئەوان دابەزینی ڕێژەی ئافرەت لە پۆستی باڵادا بە دواخستنی پرۆگرێسی کۆمەڵگە و پەراوێزخستنی ئافرەتی کارامە هەژمار دەکەن، بۆیە لە ئێستاشدا کە لە هەڵبژاردەنەکانی پەرلەمانی کوردستان تەواو بووە و لە دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەت نزیك دەبینەوە، داواکارن لەکابینەی داهاتوودا ڕێژەی بەشدارییپێکردنی خانمان زیاتر بێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر شەن و کەوی ئەو پرسە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەرەتا تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، رایوایە: «بوونی بە تەنیا ئافرەتێك لە ناو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بەرنامە و پلانەی کە حکومەتی هەرێم هەیەتی بۆ بەهێزبوونی پێگەی ئافرەت یەك ناگرێتەوە.» هاوکات دەڵێت: «حکومەتی هەرێم پابەندبوونی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بە جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتننامە و بڕیارە نێودەوڵەتییانە سەلماندووە کە گرینگی بە رۆڵی ئافرەت و بەشداریی کارای لە ناو جومگەکانی دەسەڵات دەدات، بەڵام زۆر گرینگە کە رۆڵی ئافرەت لە تەنیا دەسەڵاتی یاسادانان چڕنەکرێتەوە، بەڵکو جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەش بگرێتەوە کە لە دیدی ژنانەوە مۆرکی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆیە گرینگە ئەو رێژەی (٣٠٪)ـە کە بۆ ئافرەتان دانراوە لە پەرلەمانی کوردستان، لە دەسەڵاتەکانی دیکەش بەتایبەتی جێبەجێکردن و تەنانەت دەسەڵاتی دادوەری جێگیر بکرێت، چونکە بە راستی بۆشایی ئافرەت لە پێگەی بڕیار و ناوەندی یاسایی و مەعریفەکان و تەنانەت لێپرسراویەتی راگەیاندنەکانیش کاری لایەنە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکانی ئافرەتان و چالاکانی مەدەنی قورستر دەکات.»

تاڤگە عومەر پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «زیادکردنی رێژەی ئافرەت لە ناوەندی بڕیار و کاری بەڕێوەبردندا لە روانگەی ئەو دیدە پیاوسالارییەی کە لە کۆمەڵگە هەیە، کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەر چەندە دیدی جیاوازیش هەبێت بۆ زیاتر گرینگیدان بە ئافرەت و بەدەرخستنی تواناکانیان، بەڵام دەرئەنجام ئەم دیدە پیاوسالارییە زاڵ دەبێت کە بە بەشداریی رێژەیەکی کەمی ئافرەت رازی دەبێت، ئافرەتان سەلماندوویانە کە لە زۆر بواردا لە پیاوان باشتر دەتوانن کاری بەڕێوەبەری بکەن. بۆیە پێویستە لە سەرەتای ئاشکراکردنی بەرنامەی کاری حکومەت چەسپاندنی رێژەی ئافرەت گرینگی پێ بدرێت و دەکرێت تا ئەو کاتەی ئافرەت لە کابووسی کۆتا دەردەچێت و کۆمەڵگە دان بە رەنگ و دەنگ و تواناکانیدا دەنێت، هەمان رێژەی بەشداریی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان بۆ حکومەتیش جێبەجێ بکرێت، هەتا ئافرەتانی کارامەش لە جومگەکانی دەسەڵاتدا زیاتر خۆیان ببیننەوە. هەروەها گرینگە جگە لە رووی چەندایەتییەوە، لە رووی چۆنایەتیشەوە ئافرەت لە کابینەی حکومەتدا رۆڵی هەبێت، واتا گرینگە نەك تەنیا ئەو وەزارەت و دەزگایانەی کە پێگەی کۆمەڵایەتییان هەیە، بە ئافرەت بدرێت، بەڵکو هەموو ئەو دەزگایانە بگرێتەوە کە ئافرەتی ئێمە توانای بەڕێوەبردنی هەیە.

د. مەیادە نەجاڕ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زۆرجار ئەو پرسیارە دەکرێت و دەوترێت بەشداریی ئافرەت لە حکومەتدا لە چ ئاستێکدایە، یان بۆچی لەکابینەی حکومەتدا تەنیا یەك وەزیری ئافرەت هەیە؟ لە وەڵامدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی بەشداریی ئافرەت لە پۆستە سیاسییەکاندا و بەتایبەتی لە ئاستی پۆستی باڵا زۆر کەم و بە شێوەیەکی دەگمەنە، چونکە کەمتر متمانە بە توانای ئافرەت دەکرێت، ئێمەش وەك بەشێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم حاڵەتە بەدوور نین و کاریگەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان لەسەر دەردەکەوێت. لێرەدا خاڵێك هەیە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بدەم، ئەویش ئەوەیە کە ناکرێت ئێمە بەشداریی ئافرەت لە پۆستە سیاسییەکاندا، یان بەشداریی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیدا تەنیا لە پۆستی وەزیرەکاندا کورت بکەینەوە، بەڵکو پێویستە کاتێك باس لە بەشداریی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی بکەین، بە گرینگییەوە لە رێژەی ئافرەتانی ناو گشت سێکتەرەکان بدوێین. بۆ نموونە: ئایا چەند ئافرەت بەڕێوەبەری گشتییە، یان چەند ئافرەت راگری کۆلێژە، یان چەند ئافرەت راوێژکارە و چەند ئافرەت پسۆڕ و شارەزایە، چەند ئافرەت بەڕێوەبەری بانك و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانە، یان چەند ئافرەت قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەیە، یان چەند ئافرەت باڵیۆز و دیپلۆماتکارە؟ واتا نابێت ئێمە تەنیا تەماشای رێژەی ئافرەتانی وەزیر بکەین، چونکە بە بڕوای من ئەوەندەی ئافرەت لە پۆستەکانی دیکە دەتوانێت خزمەت بکات، مەرج نییە لە پۆستی وەزیریدا بتوانێت ئەو خزمەتە بکات. گوتیشی: «ئێمە هەموومان کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان لەیادە کە زۆرترین رێژەی ئافرەت لە پۆستە وەزارییەکان بوون، کە رێژەیان دەگەیشتە چوار ئافرەت کە زۆرترینیان لەسەر پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، واتا پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو حزبەکانی دیکە زیاتر گرینگی بە توانا و هێزی ئافرەتان داوە و کاری لەسەر بەهێزکردنی تواناکانیان کردووە، هەروەها لەکابینەی هەشتەمدا تاکە وەزیری ئافرەت لەسەر پشکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەموو لایەنەکانی دی زیاتر گرینگی بە بەشداریکردنی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسیدا دەدات، ئەمە بێجگە لەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر گشت ئاستە جیاوازەکان و ئۆرگانە جیاوازەکانی ناو حکومەتدا، پشکی بۆ ئافرەتان داناوە و ئافرەت لە بەشداری پێکردنی سیاسی فەرامۆش نەکراوە.»

سامیە شێروانی، چالاکی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە سیستەمی نوێی

**بوونی بە تەنیا ئافرەتێک لە ناو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بەرنامە و پلانەی کە حکومەتی هەرێم هەیەتی بۆ بەهێزبوونی پێگەی ئافرەت یەک ناگرێتەوە**

**زۆر گرینگە کە رۆڵی ئافرەت لە تەنیا دەسەڵاتی یاسادانان چڕنەکرێتەوە، بەڵکو جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەش بگرێتەوە کە لە دیدی ژنانەوە مۆرکی کۆمەڵایەتی هەیە**

**بۆشایی ئافرەت لە پێگەی بڕیار و ناوەندی یاسایی و مەعریفەکان و تەنانەت لێپرسراویەتی راگەیاندنەکانیش کاری لایەنە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکانی ئافرەتان و چالاکانی مەدەنی قورستر دەکات**

جیهاندا یەکێك لە پێوەرە هەرە گرینگەکانی پێشکەوتنی وڵاتان بوونی ئافرەتانە لە پۆستە باڵاکاندا و بوونی ئافرەت لە پۆستە هەستیارەکاندا بە نموونەیەکی دیاری پێشکەوتن دادەنێن، تەنانەت بیرمەندان و شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی کاتێك کە هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی پێشکەوتنی وڵاتان دەکەن، راستەوخۆ باس لە چۆنێتی سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتەکە دەکەن و بەشداری ئافرەتان لە پۆستەکانی ئەو دەوڵەتەدا دەکەنە پێوەر.» هاوکات دەڵێت: «یەکێك لەو بابەتانەی کە زۆر جار باس دەکرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، بەشداریی ئافرەتانە لە کابینە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی هەرێم، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە و پێویستی بە هەڵویستەکردنە، ئەوەیە کە کاتێك ئێمە تەماشای رێژەی بەشداریی ئافرەت لە کابینەیەك دەکەین، نابێت تەنیا سەیری پلەی وەزیری بکەین، بەوەی کە بڵێین تەنیا یەك وەزیر لە کابینەکەدا هەیە، بەڵکە پێویستە رووپێوێك بکرێت کە چەند ئافرەت لە پۆستە باڵاکاندایە، وەك بەڕێوەبەری گشتی و بریکاری وەزیر و راوێژکار و شارەزا و راگری کۆلێژ و سەرۆکی زانکۆ و ...هتد. واتا دەبێت بزانین رێژەی ئافرەت لە چ ئاستێکدایە و رێژەیەکە بە بەراورد بە پیاوان چەندە؟ دەکرێت رووپێوێکی ورد بکرێت بۆ بەشداریی ئافرەت لە پۆستە باڵاکان بەگشتی.» گوتیشی: «پێموایە پێویستە رێژەی ئافرەت زیاتر بکرێت، ئەگەر سەیری کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، چوار ئافرەت پۆستی وەزیرییان هەبوو، لە کاتێکدا ئەوە هەنگاوێکی زۆر باش بوو، بەڵام لە کابینەکانی دواتر رێژەکەی کەم کرایەوە و تەنیا یەك ئافرەت وەزیر بووە، هیواداریـن لە کابینەکانی داهاتووش رێژەکە زۆر زیاتر بکرێت و لە پۆستە وەزارییەکاندا بواری زیاتر بۆ بەشداریی ئافرەتان بڕەخسێت، مەرجیشە نەك تەنیا وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان، بەڵکوو ئافرەتی بەتوانامان هەیە کە دەتوانن پۆستی وەزارەتە سیادییەکانیش وەربگرن و کاری تێدا بکەن و ببنە کەسێکی نموونەیی، بۆ نموونە زۆر لە وڵاتانی جیهان ئافرەتان پۆستی وەزیری دەرەوە وەردەگرن و سەرکەوتوو دەبن، بە هەمان شیوە ئافرەتی زۆر بەتوانای کورد لە بواری کاری سیاسی دەتوانن ئەو پۆستانە وەربگرن و سەرکەوتوو بن. خاڵێکی دیکە هەیە کە پێویستە کاری لەسەر بکەین، ئەویش بەشداریی ئافرەتانە لە تۆڕی دیپلۆماسی، چونکە بەشداریی ئافرەتان لە تۆڕی دیپلۆماسیی هەر وڵاتێك نیشانەی پێشکەوتنی ئەو وڵاتەیە و هیوادارم لە کوردستانیشدا ئەو خاڵە فەرامۆش نەکریت و کار لەسەر بەشداری پێکردنی ئافرەتان لە بواری پەیوەندییەکانی دەرەوە بکریت و هان بدرێن بۆ زیاتر بەشداریکردن لەم بوارەدا. هەروەها بە بڕوای من پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەگشتی و رێکخراوەکانی ئافرەتان بەتایبەتی هەماهەنگی بکەن بۆ زیاترکردنی رێژەی ئافرەتان لە گشت پۆستە باڵاکان و لە گشت ئاستە جیاوازەکاندا کە نزیکن لە ناوەندی بڕیاردان لە وڵاتدا، هەر چەندە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی تا رادەیەك ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان لە پۆستە باڵاکانن و خزمەت دەکەن و ژمارەکی بەرچاوی ئافرەتانیش لەو پۆستانەن کە پەیوەستن بە پۆستە خزمەتگوزارییەکان و پۆستە سیاسییەکان و تێیدا سەرکەوتووش بوون، بەڵام تمووحی ئێمەی ئافرەت زۆر لەوە زیاترە، چونکە تواناکانمان سەلماندووە و دەمانەوێت رێژەکانی بەشداریمان زۆر لەمەی ئێستا زیاتر بکرێت. خاڵێکی دیکە کە من بە پێویستی دەزانم لە گۆڤارەکەتاندا زیاتر جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە ئەگەر کەمێك ورد ببینەوە، دەبینین بە درێژایی ساڵانی رابردوو پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو لایەنەکانی دیکە زیاتر کاری لەسەر بەشداریی ئافرەتان لە پۆستە سیاسییەکان کردووەو دەرگای بۆ واڵا کردوون، بەتایبەتی لەسەر ئاستی دامودەزگاکان، پارتی دیموکراتی کوردستان سەلماندوویەتی کە لە هەموو لایەنەکانی دیکە زیاتر باوەڕی بە بەشداریی ئافرەتان لە پۆستە سیاسییەکان هەیە، تەنانەت لە گشت ناوەند و ئۆرگانەکانی حزبدا کۆتا بۆ ئافرەت دانراوە.

**زیادکردنی رێژەی ئافرەت لە ناوەندی بڕیار و کاری بەڕێوەبردندا لە روانگەی ئەو دیدە پیاوسالارییەی کە لە کۆمەڵگە هەیە، کارێکی ئاسان نییە**

کۆسار کەریم ئەندامی ئەنجومەنی کاروباری خانمان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان رێژەیەکی زۆر کاندیدی ئافرەتمان هەبوو، بەڵام جێگەی داخە هیچ یەکێك لە سەرۆك لیستەکان ئافرەت نەبوون، ئەوەش لای ئێمە جێگەی نیگەرانییە، بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە سەرۆك لیست هەبوو، ئافرەت بوو، لەگەڵ ئەوەشدا گەشبینین و چاوەڕێیش دەکەین لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ئەمجارە رێژەیەکی بەرچاوی ئافرەتان تێیدا بەشدار بن، بەتایبەتی لە پۆستی وەزیر و ئینجا پۆستەکانی خوارتر، هەروەها ئێمەی ئافرەتان تمووحی جێگری سەرۆکی حکومەتیشمان هەیە، ئەگەر ئافرەتێکی بۆ راسپێردرێت دەبێتە شانازییەکی گەورە هەم بۆ میللەتی کورد و هەم بۆ ئافرەتی کوردیش.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چی بکرێت بۆ ئەوەی رێژەی بەشداریی خانمان لە کابینەی داهاتووی حکومت زیاد بکرێت، گوتی: «یاسای پەرلەمان کە یاسای کۆتای بە رێژەی ٣٠ لە سەد داناوە بۆ بەشداریی ئافرەت لە پەرلەمان و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، دەکرێت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش جێگیر بکرێت، پێموا بێ رۆڵی ئافرەت لەم پێگەیەدا دەبیندرێ و بە خۆشحاڵییەوە ئافرەتی زۆر چالاك و شارەزا و پسپۆڕ و شایستەمان هەیە کە دەتوانن لەو بوارەشدا سەرکەوتوو بن».

**دەکرێت تا ئەو کاتەی ئافرەت لە کابووسی کۆتا دەردەچێت و کۆمەڵگە دان بە رەنگ و دەنگ و تواناکانیدا دەنێت، هەمان رێژەی بەشداریی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان بۆ حکومەتیش جێبەجێ بکرێت، هەتا ئافرەتانی کارامەش لە جومگەکانی دەسەڵاتدا زیاتر خۆیان ببیننەوە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو حزبەکانی دیکە زیاتر گرینگی بە توانا و هێزی ئافرەتان داوە و کاری لەسەر بەهێزکردنی تواناکانیان کردووە**